٣ –دۆزینەوەی دەستدرێژی و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیان: ئەمەش ئامرازە تەقلیدییەکانی وەک بەکارهێنانی کامێرای چاودێری بۆ دیاریکردنی چوونە ژوورەوەی بێ مۆڵەت بۆ ناو بیناکە دەگرێتەوە کە سیستەمی زانیاریی پێویست لەخۆدەگرێت کە پێویستە بۆ پاراستنیان، جگە لە ئامرازە تەکنیکییەکانی سیخوڕی کە لە بەرنامەکاندا نوێنەرایەتی دەکرێن و ئەو ئامێرانەی کە چاودێری ئەو کارانە دەکەن کە لەلایەن سیستەمی زانیارییەوە ئەنجام دەدرێن بۆ دیاریکردنی کارە بێ مۆڵەتەکان.

**تایبەتمەندیی پرۆسەکانی زانیاری و ڕەنگدانەوەکانی.**

1 .شانۆی پرۆسەکانی زانیاری هیچ سنوورێکی نییە.

ڕەنگە لایەنی بەرامبەر لە پرۆسەکانی زانیاریدا وڵاتێکی دوژمن، وڵاتێکی دۆست، ڕێکخراوێک، کەسێکی دەستێوەردەر، یان یەکێک لە کارمەندەکانمان بێت، بۆیە شانۆی پرۆسەکانی زانیاری هیچ سنوورێکی ناسراوی نییە، کە بتوانرێت سەرنجی بخرێتەرسەر.

2 .ئەگەری تێپەڕاندنی ئامانجی دیاریکراو.

ڕەنگە کاریگەری پرۆسەکانی زانیاری هێرشبەرانە درێژبێتەوە بۆ ئەو هاونیشتمانییانەی کە ڕێککەوتننامە و پەیمانەکانی پەیوەست بە شەڕ دەیانپارێزێت، بۆ نموونە وێرانکردنی وێستگەیەکی کارەبا بە ئامانجی لەکارخستنی سیستەمی زانیاری سەربازی ڕەنگە ببێتە هۆی پچڕانی کارەبا لە نەخۆشخانەی دراوسێ، ئامێرەکانی ژووری نەشتەرگەری و یەکەکانی چاودێری چڕ دەوستن، و بەمجۆرە ببێتە هۆی مردنی هەندێک لە نەخۆشەکان.

3–سەختی ئاشکراکردنی هێرشەکە.

لەوانەیە دوژمنەکە پرۆسەیەکی زانیاری ئەنجام بدات بەبێ ئەوەی لایەنی بەرامبەر بزانێت، هەندێک فریودانی ئەلیکترۆنی و ڤایرۆسی کۆمپیوتەری دەبێتە هۆی گۆڕانکارییەکی کەم لە شێوازی کارکردنی کۆمپیوتەرەکانی سیستەمی چەک بۆ کەمکردنەوەی کارایی چەک بەبێ ئەوەی ئیشپێکەرانی (کارپێکەران) هەست بە هیچ شتێکی نائاسایی بکەن، ئەم حاڵەتانە تەنها دوای ئەوە دەدۆزرێتەوە کە کێشەکە پەرەی بسەنێت.

## 4 .سەختی دیاریکردنی ناسنامە و ئامانجی دوژمن.

ئەو ڕێوشوێنانەی گیراونەتەبەر بۆ دیاریکردنی ناسنامەی جێبەجێکاری پرۆسەکانی زانیاری و زانینی ئامانجەکەی لە جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنەکەدا بە ڕێوشوێنەکانی هەستیار هەژمار دەکرێن، کاردانەوە لە ئەگەری ئەوەی نەیارەکە دەستێوەردەرە جیاوازە لە کاردانەوە ئەگەر نەیارەکە دەوڵەتێک بێت، بۆیە زۆرجار کاردانەوەکە دوادەکەوێت و بێ ئەنجام دەبێت.

**ئامراز و هۆکارەکانی تەکنیکییەکانی شەڕی زانیاری:**

1 –بەرنامەی زیانبەخش:

- ڤایرۆس و بۆمبی لۆژیکی و کرمی کۆمپیوتەر لەخۆ بگرێت.
- بە باوترین چەکی شەڕی زانیاری دادەنرێت لە ڕووی بەکارهێنانی لە میدیاکانەوە.
- توانای لەناوبردنی باڵای هەیە.

2 – چیپی ئەلیکترۆنی :

- بریتیە لە دروستکردنی چیپی ئەلیکترۆنی (پێکهاتەکان) بە مەبەستی لەناوبردن لە ئەنجامی دانانی خاڵی لاواز لە دیزاینەکەیدا، ئەمەش وای لێدەکات خۆی لەناوببات لە ئەگەری وەرگرتنی سیگناڵێکی دیاریکراو یان لەناوبردنی هەرکەسێک بەکاریبهێنێت.
- کێشەی ئەم جۆرە ئەوەیە کە چۆن ئەو کەسانەی دەیانەوێت لەناویان ببەن، یان ئامرازەکانیان وابکەن ئەم چپسە تووشبووانە بەکاربهێنێنای لێدەکات خۆی لەناوببات لە ئەگەری وەرگرتنی سیگناڵێکی دیاریکراو یان لەناوبردنی هەرکەسێک بەکاریبهێنێت.